# بەرنامەی خۆراک بەچەن هەنگاوێکی چاک

هـ/عەباس عەبدوڵلا یوسف

نەخۆشییا
حەکیمێکی پێشینان
پێڵووی چاوی خەستەیەک هەڵدەداتەوەو
بە زەردەخەنەوە لە دڵی خۆیدا دەڵێ: دیالێکتە
نوژدارێک لە فرەکونی فلتەرەوە تیشک دەنێرێت و
بەمنگەوە لمووز درێژ دەکات: دیالیکتیکە
نەخۆشی، بەمەرجەکانی رۆژهەڵاتییان دراوسێیە
لە دەرگا ناداو دێتە ژوورەوە
ئەوا ئەو لە جەستەت نەدا، مسۆگەر لەگیانت
پیرەژنێک نزابێژی دەکات:
- خوایە لە دەردان بەدوور بین
زمانەوانێک دەپرتێنێ:



- نەعلەت و نەفرەت لەو (نە)یەی دا
بڕیارێکی پێدرا،
شەممە: کودی و باینجان و بامیە بەخاوی
لەکاتی پێویست، سەیری وێنەیەکی ناو ئەلبۆم
بکرێت
لە وێنەیەکی خۆیدا، پێش بیست ساڵ گیراوە
ببیبینەوە، قۆپچەی سەرەوەی کراسەکەی پچڕاوە
ئەوەی بۆ نەلوا
سەر لە پەنجەرە دەربێنێ و
گوێی لێبێ منداڵان بەگەمان هاوار بکەن:
سەر کودیلەی شەمامە
شیوەکەمان بەتامە
یەکشەممە، هەرچییەک مەڕ بیخوات، تۆش
خوێندنەوەی ڕێزمانی جوولەو بزاڤی مادۆنای
گۆرانیبێژی لەگەڵ دابێ
دووشەممە: لە دوور، فانۆسی کوخێکی ڕۆخ شار
ببینێت
ئەم دیمەنەش بەمانۆس بخوات
سێشەممە: بۆنکردنی وردەگوڵێکی ناو دارستان
کە لەشکر لەوێ چل ڕۆژە خیوەتی لەناو هەڵدابێ
و
میزی پێدانەکردبێ
چوارشەممە: وردەخۆڵی کونی فسەگورگ،
دڵۆپەی سیراوی پێداکرابێ
هەروەها جاری یەکەم ١٣ کەڕەت و جاری دووەم
٣١ کەڕەت
بەنزمی ئاوازی شیش کەباب
بسەر پیێبلقەی قوڕدا، سەرکەوێ و دابەزێ.
پێنج شەممە: پیفۆک بە هەنگوینی مێشەکریفۆک
لەگەڵ کراس لەبەرکردنێکی بەرەواژ
هەینی: لیقاوەی زەرەندو ئەژنەفتنێکی شەوانە
لە حەپینی ڕەوە سەگێکی هەوشارو
گۆرانی وتن بەئاوازی ئەم حەپینەوە
هەششەممە: هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی
دەکەس
لە نووکیسەی کورد، لەوانەی
قالۆچەی خێر لە گوویان نابینێت.
نۆشەممە: سەماکردن لەسەر نووکی پەنجەی
گەورەی پێ
شەمبانزی بینەر بێ و پێت پێکەنیت
یا ئەگەر نەکرا
بەخەیاڵ سەردانی ئەرزەی لامارتین بکرێت و
بەدەرزی و ئارمووشی ڕەنگاورەنگ کفنێکی
جاوی سپی
بە باڵندەو گوڵ بنەخشێنێ
لەو نۆ ڕۆژەیدا، دەردە پیسەت دەپەڕێنێ و
دەبیە سۆپەرمان

## سۆپەرمان

نەخۆشیبا = حاڵەتی بانگ کردنی (نەخۆشی)
دیالێکت: شێوەزار
دیالکتیک: جەدەل
نزابێژ: دوعاگۆ

سەر کودیلە... = گۆرانییەکی فۆلکلۆری
مندالآن
مانۆس = جۆرە گیراوەیەکە، مگێزی خواردن
دەکاتەوە
کودی = کودوو، کوولەکە
پێشەمە = پێنج شەمە
فسەگورگ = میروویەکی بچووکە، بەقوولایی ٢
ئینج تا ئینج و نیوێک کونێکی ستوونی لە
زەوی دەکات و خۆڵێکی وردە دەردەدات، زیاتر
ئەم کارەی لە وەرزی هاوین ئەنجام دەدات.
زەرند، زەرەند = گوژاڵک
نووکیسە = تازە دەوڵەمەندبوو.
ئەرز، یا ئورزەی لامارتین = ساڵی ١٨٣٢
شاعیری فەرەنسی لامارتین سەردانی لوبنان
دەکات و دڵی بەدارستانی بوشرا دەکرێتەوە،
لەو سەردانەیدا کچەکەی لە بەیروت دەمرێت،
ئەویش بۆ یادگار دەچێ ناوی لەسەر ئەرزەیەکدا
هەڵدەکۆڵێت. پاشان ئەو ناوە وەردەگرێت ئەو
درەختە بەژن درێژە، ئێستا هەر ماوەو لە
ناوەندی دارستانەکەدا سەرکەش وەستاوە،
سیراو = ئاوی سیر
شیش کەباب = پارچە مۆسیقایەکە، لە ساڵانی
پەنجا (١٩٥٨)دا بە فراوانی لێدەدراو وەک
مۆسیقایەکی میللی لێهاتبوو.
* دوا وشەی ئەم هۆنراوەیە، مەبەست
سۆپەرمان، بەپیتی درشت و گەورەیە.

